ماوەی شەش ڕۆژە چالاکوانێک لە شاری هەولێر لەسەر پۆستێک لە فێیسبووک ڕەفەندراوە

ماوەی شەش ڕۆژە چالاکوانێک لە شاری هەولێر لەسەر پۆستێک لە فێیسبووک ڕەفەندراوە.

چالاکوان هاوەڵ کوردی لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی نەورۆزی هەولێر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سەربە پارتی دەستگیرکرا، هەتا ئێستاش شوێنەکەی نادیارە.

بنەماڵەی و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ داوای ئازادکردنی بێزوویی و لێکۆڵینەوەی یاساییان کردووە و ئێم دەستگیرکردنە بە "پێشێلکاریی دژ بە مافەکانی مرۆڤ ناوبرد".

چالاکوانی شاری هەولێر، هاوەڵ کوردی لەسەر پۆستێکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فێیسبووک کە سەبارەت بە ئاهەنگی نەورۆز لەبناری قەندیل، کە تێیدا بانگەشەی بە ئەو خەزیارانەی دەکرد ئەگەر بەشداری ئێم ئاهەنگە بکەن کە کۆمیتەی ڕێکخستنی پارتی کرێکارانی کوردستان ئامادەی کردبوو پێوەندی پێوە بکەن، دەستگیرکرا، تا ئێستاش شوێنی ڕاگرتنی نەزانراوە.